
# سمۆرەیەک بە لێواری مانگەوە

«شانۆنامە»

ڕەسووڵ یۆنان
لە فارسییەوە: جەبار سابیر
(سلێمانی)



**کارەکتەرەکان:**
**پیرەمێرد**
**ژن**

**شانۆ:**

(تەپۆڵکەیەکی سەرسەوزی تەنیشت شەقامێک، کە لە بەرزییەکەیەوە کابینەیەکی لیمۆیی تەلەفۆن بەرچاو دەکەوێ. لە تەنیشت کابینەکەوە لەسەر حەسیرێک پیرەمێردێک دانیشتووە، جگەرە دەکێشێ. بە هەڵکشانی پەردەکە، ژنێکی گەنج لە کاتێکدا کە چەترێکی بە دەستەوە گرتووە، لە لای ڕاستەوە دەچێتە شانۆکەوە. ڕۆژێکی تەواو خۆرەتاوە.)

**ژن:** (ڕووەو ئامادەبووان) من هاوسەری نووسەرێکی ناسراوم. مێردەکەم بە نووسینی ڕۆمانی «گوڵێکی سوور بۆ خۆشەویستەکەم» کە ڕاستییەکەی بۆ منی نووسیوە، تا ئێستا توانیویەتی خەڵاتی زۆر بەرێتەوە، ناوبانگی ئەو لەبەر منە. من و ئەو یەکتریمان زۆر خۆش دەوێ، بە جۆرێک کە ئەگەر لای یەکتری نەبین، هەوڵ دەدەین هەر سەرە کاتژمێرێک پێوەندی پێکەوە بکەین و ئێستا من دەمەوێ تەلەفۆنی بۆ بکەم، تا وەک هەمیشە وەفاداری خۆم بسەلمێنم. بە یارمەتی ئێوە!

ئەو پیاوێکی نازەنینە، کاتێک تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ، سەرەتا بە ساردی قسە دەکا، وا دەنوێنێ بارودۆخی زۆرباش نییە، بەڵام دواتر کە گەرم بوو، دەست بە وتنی هەڵیتوپەڵیتگەلێک

دەكا، كە بە گشتی پیاوان بەو قسانە دەڵێن قسەگەلی عاشقانە. ئێستا باش سەیر بكەن! هەروابێتەوە ئەمەیش بڵێم كە ئەو كەمێك زۆربڵێیە و ئەسڵەن حەز ناكا كەس قسەی پێ ببڕێ.

(سەر دەباتە ناو پەردەی ژمارە لێدانەوە)

ئەلوو! ئەلوو! ئەلوو!...

(كەس لەوسەری هێڵەكەوە نییە. ژنەكە تەلەفۆنەكە دادەنێ و دێتە دەرێ.)

بە دڵنیاییەوە چووە ددانی بشوات و دەنگی شێرەی ئاوەكە ناهێڵێ زەنگی تەلەفۆنەكە بژنەوێ. ئاخر! سەعاتێك پێشتر كە لە ماڵ دەهاتمە دەرێ، ئەو تازە دەستی كردبوو بە خواردنی نانی بەیانی. لەوێوە كە بەرچایی خواردنی سەعاتێكی پێدەچێ، (سەیری كاتژمێرەكەی دەكا) ئێستا دڵنیام كە خەریكە ددانی دەشوا. ئەو لەبەر بیچمی كە كەمێك ئەسمەرە، حەز دەكا بریقە لە ددانەكانی بهێنێتەوە تا سەرنجراكێش بێتە بەرچاو. بمبوورن! سەرتانم ئێشاند! (دیسانەوە دەچێتە ناو كابینەكەوە و ژمارە لێ دەدا)

ئەلوو! ئەلوو! ئەلوو!...

(دیسانەوە كەسێك لەوسەری هێڵەكەوە نییە، تەلەفۆنەكە دادەنێ و سەری لە كابینەكەوە دەهێنێتە دەرێ.)

پێم وایە پاش ئەوەی كە ددانی شۆردووە چووە بۆ سەرئاو. ئاخر ئەسڵەن شیر لەگەڵ مگێزی ئەودا سازگار نییە. دوكتۆرەكەیشی پێی وتووە كە شیر نەخوا، بەڵام ئەو هەمیشە پێچەقێنی دەكا و دەیخوا. ئەوەندەیش دەخوا كە گەدەی بئاوسێ. بە داخەوە مێردەكەم كەمێك كەللەڕەقە و ئەم كەللەڕەقییەیش هەمیشە كارەكەی لە دەست داوە، ئەم گوێ نەدانە بە ئامۆژگاری دوكتۆر.

(سەری بردووەتە ژوورێ و دیسانەوە ژمارە لێ دەدا)

ئەلوو! ئەلوو! ئەلوو!...

(خراپ بووە، دیسان كەسێك لەوسەری هێڵەكەوە نییە. تەلەفۆنەكە دادەنێ و دێتە دەرێ)

دەبێ كەمێك ئارام بگرم. تازە بیرم كەوتەوە كە ئەو هەموو ڕۆژێ پاش خواردنی بەرچایی دەبێ ڕیشی بتاشێ و ئێستا دەبێ بە پێی بەرنامەی ڕۆژانەی بە گۆرانی «گوێزانی شاری سیوەیل» كەوتبێتە گیانی چەناگەی. ئەو زۆر بایەخ بە پاكوخاوێنی دەدا، هەروابێتەوە بە شیكپۆشی و باوەڕی وایە كە پیاوێك دەبێ هەمیشە ڕێكوپێك و خاوێن بێ. دڵنیام ئەگەر لە من نەترسایە شەوان بە دڵنیاییەوە بە چاكەت و پانتۆڵەوە دەچووە پێخەفەوە. ڕاستییەكەی هەندێك كات شووڵی لێ هەڵدەكێشێ.

(سەیری كاتژمێرەكەی دەكا)

پێم وایە ئیدی ئێستا دەبێ لە ژوورەكەیدا بێ.

(دیسانەوە دەچێتە كابینەكەوە و ژمارە لێ دەدا)

ئەلوو! ئەلوو! ئەلوو!... چی؟... هەڵەیە!... بمبوورە!

(دیسانەوە سەری لە كابینەكە دەهێنێتە دەرێ)

وەك بڵێی ژمارەكەم هەڵە لێ داوە. من هەر كاتێك لەگەڵ مامۆستای گیتارەكەم دێمە دەرێ حەواسم پەرت دەبێ، ئاخر ئەو مرۆڤێكی زۆر سەرنجراكێشە، هەمیشە شتێكی لە هەگبەدایە كە مرۆڤ غافڵگیر بكا. جەنتڵمانێكی ڕاستەقینەیە. كاتێك لەگەڵی ڕێ دەكەم، یان لە تەنیشتییەوە دادەنیشم هەست بە لە خۆبایی بوون دەكەم.

(بە دڵسۆزییەوە)

بەستەزمانە مێردەكەم، ئیرەیی پێ دەبا. مامۆستای گیتارەكەم قسەی ناوێ، بەڵام كەمێك

شۆفێرییەکەی باش نییە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە شارەزای ڕێگەکان نییە، بۆ نموونە ئەمڕۆ ئەسڵەن تێنەگەیشتین چۆن چۆنی سەرمان لێرە هەڵێنا... بە بۆچوونی من ئەو نابێ ڕێگە لاوەکییەکان تاقی بکاتەوە. لێگەڕێن تا ئەو نەهاتووە پێوەندییەک بە مێردەکەمەوە بکەم.

(دیسانەوە سەری دەباتە ناو کابینەکەوە و ژمارە لێ دەدا)

ئەلوو! ئەلوو! ئەلوو!... تکایە بە زمان.. قسە بکەین... تکایە بە زمان.. قسە بکەین!

(تەلەفۆنەکە دەبڕێ و سەرلەنوێ ژمارە لێ دەدا)

ئەلوو! ئەلوو!... خودای من! ئیدی ئەمە چ زمانێکە! تکایە بە زمان... قسە بکەن!

(لەوسەری هێڵەکەوە تەلەفۆنەکە دادەنێن)

نەفرەتی!

(دیسانەوە ژمارە لێ دەدا، بەڵام ئەنجامێکی دەست ناکەوێ، بێحەوسەڵە لە کابینەکە دێتە دەرێ)

نەکرا وەفادارییمی بۆ بسەلمێنم. ویستم، بەڵام نەمتوانی، واتە تەلەفۆنەکە خراپ بوو. نازانم بەمماڵیاتەی کە لە خەڵکی دەسێنن، بۆچی دەبێ لە شوێنێکی وەهادا کابینەیەک هەبێ و ئەویش تەلەفۆنەکەی کار نەکا، یان ئەگەر کاریشی کرد ژمارەکان بە هەڵە لێ بدا.

(سەیری لای ڕاست، سەیری دەرەوەی شانۆکە دەکا)

دیار نییە ئەم مامۆستای گیتارە لە کام گۆڕ ماوەتەوە؟ مەگەر بەنزین تێکردن چەندەی پێ دەچێ؟

(ڕووەو پیرەمێردەکە)

بمبوورە بەڕێز! وێستگەی بەنزینەکە لێرەوە زۆر دوورە؟

**پیرەمێرد:** (بێ ئەوەی سەیری دەموچاوی ژنەکە بکا) لەم ناوە وێستگەی بەنزین نییە تا دوور، یان نزیک بێ.

**ژنەکە:** (کەمێک نیگەران) خۆ گاڵتە ناکەی؟

**پیرەمێرد:** (بە تێزەپێکەنینەوە) مەگەر گاڵتەم لەگەڵ تۆ هەیە؟

**ژنەکە:** (ڕووەو ئامادەبووان) ئومێدەوارم گاڵتەی لەگەڵم نەکردبێ. لەبەر ئەوەی من ئەسڵەن خۆشیم لەم گاڵتە بێتامانە نایە و زوو تووڕە... تووڕە (کتوپڕ لە سەرسوڕماندا دەمی دادەچەقێ. ئەو کەسانەی لە سەرەتای نمایشەکەوە قسەی لەگەڵ دەکردن، ونبوون) ئێوە! بۆ کوێ ڕۆیشتن؟!

(ڕووەو پیرەمێرد و بە ترس و لەرزەوە) ئەمانە، بۆ کوێ چوون؟!

**پیرەمێرد:** کێ؟!

**ژنەکە:** ئەمانەی کە دوو سەعاتە قسەم لەگەڵ دەکردن! (بە پەنجە ئاماژە دەکا) ئەوانەی کە بۆ سەیران هاتبوون و لەسەر ئەو تاشە بەردانە دانیشتبوون!

**پیرەمێرد:** ئێرە جگە لە من و تۆ کەسی لێ نییە، من نازانم تۆ باسی کێ دەکەی؟

**ژنەکە:** (ناباوەڕانە) واتە من خەونم دەبینی.

**پیرەمێرد:** نا، خەونت نەدەبینی، تۆ ترسابووی و تا بەسەر ترسەکەی خۆتدا زاڵ نەبی، گریمانەت کردبوو تەنیا نیت و چەند کەسێک دانیشتوون و سەیرت دەکەن و هەنگێ باوەڕت بە ئامادەیی ئەوان هێنابوو. هیچی تر.

**ژنەکە:** (ناباوەڕانە)، واتە ئەوانە زادەی خەیاڵاتم بوون؟

**پیرەمێرد:** بەڵێ، ڕاستە. ئەوەیە کە دەیڵێی، گەرنا هیچ مرۆڤێکی ئاقڵ بۆ سەیران نایەت بۆ ئێرە.

**ژنەکە:** (بە ترسەوە) مەگەر ئێرە کوێیە؟

**پیرەمێرد:** شوێنێک لە نێو قەرەباڵغییەکاندا، نازانم، ڕەنگیشە کۆتایی دنیا.

**ژنەکە:** (هەوڵ دەدا خۆی زاڵ پێشان بدا) ڕەنگیشە شوێنێکی چەپەک بۆ مورتاز و گۆشەگیرەکان (بە کینایەوە)، یان پەناگەیەکی دڵنیا بۆ هەڵاتووەکان؟

**پیرەمێرد:** (تەمومژاوی) ڕەنگە!

**ژنەکە:** (بە تاڵە بزە، لە کاتێکدا کە بەرەو کابینەکە دەچێ) پێم وایە تاکە زەنگێک بۆ پۆلیس، ڕازی ئێرە خۆیابێ. (دەچێتە کابینەکەوە و ژمارە لێ دەدا) ئەلوو ئەلوو! ئەلوو!... (دیسانەوە کەس لەوسەری هێڵەکەوە نییە. بە توڕەیی تەلەفۆنەکە دادەنێ و لە کابینەکە دێتە دەرێ)

**پیرەمێرد:** بێهوودە هەوڵ دەدەی من ساڵانێکە زەنگ لێ دەدەم، بەڵام ئەنجامێکم دەست ناکەوێ.

**ژنەکە:** (توڕە) تکایە دەکرێ ئایەتی نائومێدی نەخوێنی!

**پیرەمێرد:** (بێباک لە ژنەکە) هەر کەسێک بێتە ئێرە، کاری تەواوە.

**ژنەکە:** کاری هەر کەسێک تەواو بێ، کاری من تەواو نییە، من دەمەوێ بژیم!

**پیرەمێرد:** تۆ هێشتا نازانی ئێرە کوێیە و ناشتەوێ بزانی!

**ژنەکە:** (بە کینایەوە) با، دەزانم، ئێرە شوێنێکی خەڵوەتە لە نێوان قەرەباڵغییەکاندا، ڕەنگیشە کۆتایی دنیا.

**پیرەمێرد:** (بە ساردی) نا، نازانی.

**ژنەکە:** کەواتە بڵێ بزانم!

**پیرەمێرد:** پاشان دەزانی، (لەگەڵ خۆی) ئێرە شوێنێکی سەیرە، لە ئێرە هەموو شتێک بۆنی لە ناوچوونی لێ دێ، دەرچوون لێرە زۆر کێشەیە، واتا کاری نەکردەیە.

**ژنەکە:** شوێنێکی وەها جگە لە ناو چیرۆکەکان، ئەسڵەن نابێ هەبێ.

**پیرەمێرد:** بەڵام دەبینی کە هەیە، ڕاستییەکەشی هەیە، واتە نییە. دەزانی زۆر لە شوێنەکان نین. زۆربەی جار ئێمە دروستیان دەکەین، بۆ نموونە زیندانەکان لە بەرچاو بگرە، ئەوانە سەرەتا نەبوون، کۆمەڵێک تاوانبار بوونە هۆکاری ڕۆنانی ئەوانە!

**ژنەکە:** تۆ زۆر حەز دەکەی من لە ترسان زارەترەک بم، بەڵام من بەم بایانە ناڵەرزم، ئەگەر مێردەکەی پێشووم لێرە بوایە بە بۆمبێک ئێرەی بە هەموو ڕازەکانییەوە ڕەوانەی ئاسمان دەکرد.

**پیرەمێرد:** (تەمومژاوی) بەدبەختییەکە لێرەدایە، لێرە هیچ بۆمبێک کار ناکا.

**ژنەکە:** ئیدی حەز ناکەم گوێ لە قسە قۆڕەکانی تۆ بگرم، ئەگەر تۆ نەتتوانی لێرە دەرچی، پێوەندی بە خۆتەوەیە، بەڵام من ئەم کارە دەکەم.

**پیرەمێرد:** باشە، ئەم کارە بکە، تاقیکردنەوەکەی بەخۆڕاییە!

**ژنەکە:** باشە، دیارە ئەم کارە دەکەم (لە کاتێکدا کە لە شانۆکە دەردەچێ) سپاس بۆ هەموو ئەو چیرۆکانەی بۆت گێڕامەوە.

**پیرەمێرد:** نازانم بۆچی تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵگە پێیان وایە کە تەنیا خۆیان زیرەک و ئاقڵن و کەسی بەرانبەریان گەمژە و دەست و پێ سپییە.

**ژنەکە:** (لە دەرەوەی شانۆکە) من بەم جۆرە بیر ناکەمەوە.

**پیرەمێرد:** (سەر دەلەقێنێ) من لەگەڵ تۆم نەبووم! (لەگەڵ خۆی) مرۆڤەکان بوونەوەرانی

سەیروسەمەرەن تا شتێک بە چاوی خۆیان نەبینن باوەڕی پێ ناهێنن، پاش دیتنیشی ئەگەر هەبوونی ئەو شتە بە زیانیان بێ هەوڵ دەدەن بە خۆیانی قبووڵ بکەن تووشی هەڵەی چاو بوون و دەبێ سەردانی دوکتۆری چاو بکەن.

(موزیک)

(ژنەکە پاش چەند خولەکێک، دۆشداماو و نائومێد دێتەوە سەر شانۆکە)

**ژنەکە:** کاتێک ویستم بچمە خوارێ قاچەکانم تێکئالآن، چما ئیفلیج بووبن (ڕووەو پیرەمێرد بە تکاوە) دەکرێ تکا لە تۆ بکەم لە چوونە خوارەوە لەم گردە یارمەتیم بدەی.

**پیرەمێرد:** هیچ یارمەتییەکم لە دەست نایە.

**ژنەکە:** من تکام لە تۆ کرد!

**پیرەمێرد:** ئەگەر دەمتوانی یارمەتیت بدەم تەنەخیم نەدەکرد.

(بێدەنگی)

**ژنەکە:** (بازنەکانی لە دەست دادەکەنێ) ئێستا چی؟

**پیرەمێرد:** وتم کە ناتوانم.

**ژنەکە:** پێم وایە من بتوانم دۆستێکی باشبم بۆ تۆ...

**پیرەمێرد:** (پێدەکەنێ) تۆ بابەتەکەت زۆر بە گاڵتە گرتووە!

**ژنەکە:** (گوارەکانی لە گوێ دەکاتەوە) دیسانیش کارێکت لە دەست نایە؟

**پیرەمێرد:** نەخێر! تەنانەت ئەگەر هەموو دنیام پێ ببەخشی من ناتوانم یارمەتیت بدەم، چۆن بیڵێم، بە ڕاستی ناتوانم.

**ژنەکە:** ئەگەر بپاڕێمەوە چی؟

**پیرەمێرد:** خانم! تۆ! چۆن چاوەڕوانیت لە کەسێک هەیە قوتارت بکا کە نەیتوانیوە خۆی قوتار بکا، کەمێک گەمژانە نییە؟

**ژنەکە:** (ناو جانتاکەی دەگەڕێ) بە خودا ئیدی شتێکی بەنرخم پێ نییە کە پێت بدەم، بەڵام دواتر دەتوانم قەرەبووی بکەمەوە.

**پیرەمێرد:** (کەمێک دەهەری) وەک بڵێی تۆ حاڵی نابی. چۆن بیردەکەیتەوە، پێت وایە من دەتوانم یارمەتیت بدەم و نایدەم؟ سوێند دەخۆم کە وانییە!

**ژنەکە:** (داماو) خودایە! خۆت یارمەتیم بدە! بەڵێن دەدەم کاتێک لێرە قوتارم بوو، ئیدی قەت گوناهـ نەکەم و...

**پیرەمێرد:** ئامان لە دەست ئەم بوونەوەرە دوو پێیانە، هەر کە گیانیان کەوتە بەر مەترسی زوو دەبنە قەدیس و... (باقی قسەکانی لێڵ و تەمومژاوییە)

**ژنەکە:** (دوعاکەی تەواو کردووە) تۆ! بە مانای تەواوی وشە مرۆڤێکی بێ بەزەییت! ئەم جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ ژنێک ئەسڵەن شایستە نییە.

**پیرەمێرد:** بمبوورە ئەگەر ڕەفتارم خراپ و ناشایستەیە!

**ژنەکە:** (لە کاتێکدا کە لە شانۆکە دەچێتە دەرێ) من بە هەر جۆرێک بووە سەرکەوتوو دەبم، ئەوسا تۆ تا کۆتایی ژیان تووشی ئازاری ویژدان دەبی، کە یارمەتی مرۆڤێکت نەدا.

**پیرەمێرد:** ئەگەر بڕیار بوایە لێرە کەسێک سەرکەوتووبێ، من تا ئێستا سەرکەوتوو بووبووم. لێرە هیچ کەسێک سەرکەوتوو نابێ.

**ژنەکە:** (لە دەرەوە) بەڵام من سەرکەوتوو دەبم.

**پیرەمێرد:** (لەگەڵ خۆی) لە نێوان مردن و ژیاندا لنگەفرتێیەتی، پێی وایە بەم جۆرە دەتوانێ قوتاری بێ، بێ ئاگایە کە ناتوانێ،

ڕێک لە سمۆرەیەک دەچێ کە لە ناوەڕاستی ئاسمان بەرەڵڵایان کردبێ و ئەویش بە هەر دوو دەست بە لێواری مانگەوە نووسابێ (پێدەکەنێ) خۆزێ دەیزانی کاتێک ترس لە ئومێد بەهێزترە، دەرسەدی سەرکەوتن زۆر لە خوارێیە. دیسان هێزی لە دەست دەدا، دیسان قاچەکانی ئیفلیج دەبن. ئەو نازانێ من کێم و ئێرەیش کوێیە؟ ئێستایە کە بگەڕێتەوە.

(موزیک)

(ژنەکە پاش چەند خولەکێک دەچێتەوە سەر شانۆکە)

**ژنەکە:** دیسانەوە قاچەکانم یارمەتییان نەدام بچمە خوارێ (ڕووەو پیرەمێرد) بزانم جەناب بەڕاستی تۆ ناتوانی یارمەتیم بدەی؟

**پیرەمێرد:** بەڕاستی ناتوانم.

**ژنەکە:** بیرکردنەوە لەوەی پاشماوەی تەمەنم دەبێ لێرە بەسەربەرم شێتم دەکا.

**پیرەمێرد:** زۆری پێناچێ، لێرە تەمەنی مرۆڤ لە چرکەیەکدا کۆتایی دێ.

**ژنەکە:** ئەی بۆچی تەمەنی تۆ تا نها کۆتایی نەهاتووە؟

**پیرەمێرد:** من لەگەڵ تۆ جیاوازم!

**ژنەکە:** چ جیاوازییەک؟

**پیرەمێرد:** دواتر تێدەگەی.

**ژنەکە:** (تووڕە) تۆ تەنیا دەتوانی جادووگەرێک بی، هیچی تر!

**پیرەمێرد:** نازانم! ڕەنگە! بەڵام خۆیشم دڵنیا نیم کە جادووگەرم، لەبەر ئەوەی جادووگەر ناتوانێ دەست وەربداتە کاری هەڵاتن و ئاوابوونی خۆرەوە، تۆ کاتێک کاتژمێرێک لەمەوبەر هاتی بۆ ئێرە، بەیانی بوو، بەڵام ئێستا تەنگەی خۆرئاوایە. دڵنیام تا چاوەکانت هەڵبێنی و بینووقێنی ڕەشایی هەموو شوێنێک دەگرێتەوە (کتوپڕ شانۆکە تاریک دەبێ) بینیت، وتم!

(ژنەکە دەقیژێنێ و بە دوای ئەویشدا، ئاسمان دەنەڕێنێ)

(بێدەنگی)

(کاتێک شانۆکە ڕووناک دەبێتەوە، ژنەکە یەکتەختە کەوتووە و مردووە. پیرەمێرد لە شوێنەکەی هەڵدەستێ، ڕیشە دەستکردەکەی لێ دەکاتەوە و تووڕی دەدا، دەچێتە کابینەکەوە و ژمارە لێ دەدا)

پیاوەکە: ئەلوو! ئەلوو! پۆلیسی فریاکەوتن! سڵاو! بمبوورن کە بێزارم کردن، لێرە، لەسەر گردەکە... ژنێک بێهۆش کەوتووە، وابزانم مردووە... ویستم ئاگادارتان بکەم! من؟ من؟ نەناسێک! تەلەفۆنەکە دادەنێ و لە کابینەکە دێتە دەرێ. ڕووەو ئامادەبووان دەوەستێ و پێدەکەنێ) هەمیشە پۆلیس ئاگادار ناکەمەوە، ئەمە بابەتێکی هەڵاوارتە و ڕیزپەڕە!

پەردە دادەدرێتەوە!

**سەرچاوە:**

**سنجابی بر لبه ماه: نمایشنامه، ناشر: معیار، نویسنده: رسول یونان، سال چاپ : ١٣٨٤.**